# شانۆگەریی گەمەی کەرەکان حیکایەتی نمایش وێنا دەکات

## - گەمەیەکی چێژبەخش بە نمایشی شانۆیی
## - مێشکی کەرێک لە جەستەی مرۆڤدا ئازاربەخشە!



**شانۆگەری (گەمەی کەرەکان) کە بەرهەمی تیپی شانۆی کەرکووکە، لە نووسین و دەرهێنانی (مەریوان زەنگەنە) و نواندنی کۆمەڵە شانۆکارێکی داهێنەری ئەو شارەیە، کە تێکەڵەیەك بوون لە ئەزموون و بەهرەی ناوازە وەك (تاریق ناسح، عەلی نامیق، دارا عیزەدین، سۆزان ئەحمەد، گۆران عەدنان، محەمەد عەبدوڵا، محەمەد سیروان، کاڵێ سیروان، چرۆ کامیل، ئەحمەد باهیر و نور عومەر) ئەم شانۆگەرییە بە میوانداری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر لە هۆڵی فەرهاد شەریف لە نێو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر نمایش کرا.**



### نمایشێکی تەنزئامێز

چیرۆکی ئەم نمایشە، باس لە خاوەن کۆمپانیایەك دەکات، بێگومان وەك ئایکۆنێك، کە لە ڕووداوێکی نادیاردا مێشکی لە دەست دەدات و بۆ ئەوەی ژیانی بپارێزن و بمێنێتەوە، مێشکی کەرێکی بۆ دەگوازنەوە و مێشکەکەی ئەویش دەخەنە سەری کەرەکەوە، ئیتر دوای ئەوە ناتەباییەك دروست دەبێت لەگەڵ دەورووبەر.

### چەمکی سەربەخۆیی لە دەستپێکی نمایشدا

لەگەڵ دەستپێکی نمایشە شانۆییەکەدا، چەمکی سەربەخۆیی کرابووە پێشەکیی بەرهەم و کارەکتەرانی ئەو شانۆگەرییە بە دەنگێکی زوڵاڵەوە هاواری سەربەخۆیی وڵاتیان دەکرد، بە سەما و جووڵە هونەرییەکانیان قوربانیدانی گەلێکیان وێنا دەکرد، هەرچەندە ئەو بەرهەمە هونەرییە بەشێوەیەکی کۆمێدی و تەنز ئامێز نیشانی بینەر دەدرا، بەڵام دیوی دووەمی بەرهەمەکە ناردنی پەیامێکی بەهێز بوو بۆ ئەوانەی دژ بە چەمکی سەربەخۆیی وەستاونەتەوە، لەو نێوەندەشدا کارەکتەرێکی سەرەکی لە خەمی سەربەخۆیی و سەرکەوتنی پرۆسەکە شەو و ڕۆژ لە خۆی حەرام دەکات بۆ ئەوەی بگات بە ئامانج و دەربازبوون لە ژێردەستی.



### کۆمێدیا لە گێڕانەوەی حیکایەتدا

ئەکتەری سەرەکیی شانۆگەرییەکە تاریق ناسیح کە وەك بەرپرسی کۆمپانیای (برایەتی) ناودەبرا، سەرگەرمی نووسینەوەی یاداشت و نەخشەیەکی تۆکمە بوو بۆ گەیشتن بە خەونی سەرکەوتن لە چیرۆکەکەدا، ئەمەش ببووە هۆکاری بێ ئاگابوون لە ماڵ و خانەوادەکەی، تەنانەت هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە نێوان خۆی و خێزانەکەیدا پچڕابوون، تا ڕادەیەك کە خیانەت باڵی بە نێو نمایشەکەدا کێشا و ڕاوێژکار بە ویستی خۆی یاری بە عەقڵ و ژیانی ئەو خانەوادەیە دەکرد، هەموو ئەو چیرۆکەش بە شێوەیەکی کۆمێدی دەخرایە بەر باس و گەمەیەکی چێژبەخش بوو بۆ نمایشەکە و ئەکتەرەکانیش خەندە و پێکەنینیان بۆ بینەری شانۆگەرییەکە بەجێ هێشتبوو، بەڵام لە ناواخندا پەیامەکان زۆر توند بوون، بۆ ئەوانەی کە لە بری گەیشتن بە ئامانجێك خیانەتیان هەڵبژاردبوو.







**میدیا و چەواشەکارییەکانی!**

ئـەوەی کە لەو نمایشـە شـانۆییەدا دەبینـرا، رووی راسـتیی حاڵی میدیا بوو، کە هەر یەکە و بە ویسـتی خـۆی هەواڵـی نەخۆشـکەوتنی بەرپرسـەکەیان بـڵاو دەکـردەوە، بەجۆرێـك یەکێـك لـە میدیـاکان هەواڵـی نەخۆشییەکەی بە ناڕاست وەسف دەکرد، ئەوەی دیکە کـە لایەنێکـی دژ بەو بەرپرسـە بـوو، هەواڵی مردن و چەواشەکردنی خەڵکی دەکرد بە مانشێتی کەناڵەکەی و خەڵکـی پـێ چەواشـە دەکـرد، ئەمەش لە ئێسـتادا رووی راستی میدیای کوردییە و هیچ سانسۆرێکیش نابینرێـت بـۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانـەی کە خەڵك لە رێگەی میدیاوە تووشی نائومێدی دەکەن.

**پزیشك، یان قەساب؟**

بـۆ فریاکەوتـن و دوورخسـتنەوەی جەنابی بەرپرس لـەو شـانۆگەرییەدا راوێـژکاری کۆمپانیاکـە پەنـا بۆ پزیشکێك دەبات، کە بەپەلە چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات، بەڵام ئەو پزیشکە بەهۆی ناشارازەیی و توانج لێدان لە پزیشکی ئەم سەردەمە، ناچار دەبێ مێشکی کەرێـك بگوزاێتـەوە بـۆ مرۆڤێك کە بـە هۆی زۆریی بیرکردنەوە مێشـکی لە کارکەوتووە، هاوکات مێشـکی مرۆڤەکـەش بگوزاێتـەوە بـۆ کەرەکـە، کـە ئەمـەش نارەحەتـی لای ئاژەڵەکـە دروسـت دەکات، ئیتر دوای ئـەوە ناتەباییـەك دروسـت دەبێـت لەگـەڵ دەوروبـەرو جومەگەکانـی دەسـەڵات و تەنانـەت خـودی جەسـتە و شـێوازی ژیانکردنـی سـەرۆکی کۆمپانیاکـەش، راسـتییەکان و گەندەڵییـەکان بـە عەقڵی کەرێکی سادە و خاوێن دەبینێت و تووشی ئازار دەبێت.

**داواکاری کەرێك**

لە دواساتەکانی ئەو نمایشەدا، کەرێك داوایەك پێشـکەش دەکات، کـە جەسـتەکەی خـۆی پـێ بدەنـەوە، چونکـە گونجـاوە لەگـەڵ بیرکردنـەوەی مێشـکەکەی و بوونـی ئـەو لە جەسـتەی مرۆڤدا ئازاربەخشـە، چونکـە ناتوانێـت بەرگـەی ئـەو هەمـوو ئـازار و ناعەدالەتی و تاوان و نارەحەتییە بگرێـت، کـە بەسـەر مـرۆڤ و دەوروبەریـدا دێـت لـە دەرەنجامـی پاراسـتنی بەرژەوەندیـی کۆمپانیا و کێبڕکـی لەگـەڵ گرووپەکانـی دیکـەی نێـو کۆمپانیا.

**ڕۆڵی دادگا**

ئـەوەی لەو نمایشـە شـانۆییەدا تێبینی دەکرا و ببووە کۆتا مەسەلەی شانۆگەرییەکە ئەوەیە، کاتێك کە نوژدارەکە، ئەو بەرپرسـەی تووشی ئەو حاڵەتە نەخوازراوە کرد و مێشـکی کەرێکی بە جەسـتەی مرۆڤێکـەوە لکاند، خانەوادەکەی داوای یاسـاییان لـە سـەر پزیشـکەکە تۆمـار کـرد، بەڵام لەوێشـدا دادگا نەیتوانـی مـاف بۆ ئەو خێزانە بگەڕێنێتەوە و بگـرە کەوتـە ژێربـاری فشـاری کەسـانێك و لە دواچرکەشـدا دادوەر بەرگـەی ئەو ناعەدالەتییەی نەگـرت کـە لە دادگاکەیـدا بینی و بە ناچاری هۆڵەکەی جێهێشت.



# ئەنۆشکا: منیش قوربانی توندوتیژیم



هونەرمەندی موزیسیانی ناسراوی هیندستان (ئەنۆشکا شانکاری) رایگەیاند: خۆم یەکێم لە قوربانیانی توندوتیژی دژی بە ئافرەتان، بۆیە هەست بە ئێش و ئازارەکانی ئافرەتان دەکەم، بۆیە لەم رووەوە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە ئافرەتان دەکەم لە سەرتاسەری جیهان. ئەنوشکا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە تەمەندی منداڵییەوە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسیی بوومەتەوە، ئەمەش بە درێژایی ژیانم وەك برینێك لە ناخمدا مابۆوە، بەڵام کاتێك گەورە بووم وەك زۆربەی ئافرەتان درکم بەوە کرد کە دووچاری چەندین شێوەی جیاجیای توندوتیژی بوومەتەوە. ئەنۆشکا هەروەها دەڵێ نەمدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەم و چۆن بتوانم ئەو واقیعە تاڵە بگۆڕم کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ تێیدا دەژیام، تاکو لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە پێویستە ئەم نهێنییە بدرکێنم و بۆ رزگارکردنی ئافرەتان وڵاتەکەم راپەرینێك بەرپا بکەم، بەشداری بکەم لە هەر کار و هەڵمەتێك کە لەو بوارەوە دەدرێ هەڵمەتی وەك هەڵمەتی (ملیار دەنگ). ئەنۆشکا شانکار کە لە ئەمریکا لە دایکبووە و بە یەکەم ژەنیاری ئامێری سێتار دادەنرێت لە جیهان و هەڵگری ناوی رافی شانکاری باوکیەتی، ساڵانە لە سەرتاسەری دنیا بە دەیان کۆنسێرت ئەنجام دەدات. شانکار سەرەتا لەگەڵ باوکی بەشداریی دەکرد، بەڵام دواتر لە سەرکەوتنەکانی بەردەوام بوو تا گەیشتە ئاستی گەورەترین ئەستێرەکانی موزیکی جیهانی، بەوەش ناسراوە کە رێچکەیەکی نوێی هێناوەتە نێو موزیکی کلاسیکی هیندی، چونکە ئامێری سێتاری تێکەڵ بە تەپڵ و گیتار و فلامینگۆی ئیسپانی و موزیکی راجی هیندی کردووە، بەشێوەیەکی جوان و بەم تێکەڵ کردنەش فەنتازیایەکی لە موزیك دروستکردووە.



## بریانکا شۆپرا بە جورئەتەوە قسە دەکات

لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیوۆد بریانکا شۆپرا باسی چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی و نیك جۆناسیی هاوسەری کردو بۆ یەکەمجار بەو شێویە زۆر بە جورئەتەوە تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی تایبەت کە تا رادەیەك مشتومڕی نایەوە.

شۆپرای تەمەن ٣٦ ساڵ کە بە جلوبەرگی رەشەوە دەرکەوت، بە جورئەتەوە وتی: پێویستم بەوە نییە کە لە نزیك نیك جۆناسی هاوسەرم دابنیشم بۆ ئەوەی هەست بە گەرمیی بکەم، تا ئەو هەستەی بەرامبەر یەکتر هەمانە بە زیندوویی بمینێت، شۆپرا ئاماژەی بەوەش کردووە کە بە دڵنیاییەوە بڕوای بە سێکس هەیە لە رێگای نامەوە، هەروەها زۆریش یارمەتیی هاوسەرەکەی داوە بۆ گرنگیدان بە خۆی، بەتایبەتی لە لایەنی پاکوخاوێنییەوە، وتیشی پێموایە بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی پەیوەندیی هاوسەرگیری بریتییە لە بڕوای تەواو و رێزگرتن لە یەکتری، ئێمەش ئەو بڕوا و رێزگرتنەمان بۆ یەکتر هەیە و هەوڵی بەردەوام بوونیشی دەدەین.

لە لایەکی دیکەی دیمانەکەدا بریانکا باسی لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان کردووە، وەك یەکێك لە گەورەترین ئەو ئاهەنگانەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە سەرتاسەری جیهان ئەنجامدراوە و بە یەکێك لە خۆشترین رۆژەکانی ژیانی وەسفی کردووە.

## ئۆباما پیرۆزبایی لە جێنیفەر لۆپێز دەکات

راپۆرتە هەواڵییە هونەرییەکان بڵاویان کردۆتەوە، گۆرانیبێژ و ئەستێرەی سینەمایی ناسراو (جنیڤەر لۆپێز) بەبۆنەی هاوسەرگیریی لەگەڵ (ئەلیکس رۆدریگز) یاریزانی پێشووی بیسبۆڵی ئەمریکی، نامەیەکی تایبەتی لە باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکاوە پێگەیشتووە.

سەرچاوە هەواڵییەکان رایانگەیاند: ئەم نامەیەی کە ئۆباما بە دەستی خۆی نووسیویەتی دوای چەند رۆژێك بوو کە ئەلیکس بە فەرمی داوای هاوسەرگیریی لە جنیڤەر کرد، ئۆباما لە نامەکەیدا نووسیویەتی»من و میشێل حەزمان کرد پیرۆزباییتان لێبکەین، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ بە یەکەوە بووین، دەتوانین بڵێین کە ئەو تەحەددییانەی ژیان درووستیان دەکات، هەرچەندە گەورەش بن، ئەگەر ئەو کەسەی خۆشتدەوێ لەگەڵت بێت، کارەکان باشتر دەکەن، بە هیوای سەرکەوتن بۆتان.»

لەلایەن خۆیەوە ئەلیکس رۆدریگز چەند وێنەیەکی خۆی و جنیڤەری بڵاوی کردەوە لەسەر پەیجە تا یبە تییە کا نی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نووسیبووی: ئەمە بۆ ئێمە جیهانە.

شایەنی باسە رۆدرێگز بەر لە ماوەیەك لەسەر ئەژنۆی وەستاو لە کەنارێکی دەریا و لە دیمەنێکی زۆر رۆمانسیدا داوای هاوسەرگیریی لە جنێڤەرکرد، جنێڤەریش چەند وێنەیەکی ئەو ساتەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە، دواتریش وێنەی ئەو ئەڵقەیەی بڵاوکردەوە کە ئەلیکس بەو بۆنەیە بۆی کڕی بوو، کە نرخەکەی بە نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار خەملێندراوە.





حەلیمە بوڵەند:

# لە هەر کەناڵێکدا کارم کردبێت بۆ من تاقیکردنەوەیەکی نوێ بووە

**حەلیمە بولەند یەکێکە لە بەناوبانگترین کچە ڕاگەیاندنکارە عەرەبییەکان، کە هەمیشە بە شێوازی سەرنجڕاکێش لەسەر شاشە دەردەکەوێت، بەجۆرێك کە بینەر ناچار دەکات، سەیری بەرنامەکەی بکات، زەردەخەنە لە سەر لێوی بەردەوامە و ڕوخسارە سەرنجڕاکێشەکەی جوانییەکی دیکە بە بەرنامە و شاشە دەبەخشێت. حەلیمە چەندین کاری خێرخوازیی پێشکەش بە منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کردووە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە بەردەوام داوادەکات ئافرەتی کوەیتی مافی دەنگدانیان هەبێت و ڕۆڵێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، لە ڕێگای نووسینگەی تایبەتی خۆیەوە لە بەیروت داوامان لێکرد کە دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکەین، ئەویش داواکەی قبووڵ کردین و خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی کە بۆ گۆڤارێکی کوردی قسە بکات.**

*** سەرەتای هاتنت بۆ بواری ڕاگەیاندن چۆن بوو؟**

- دوای ئەوەی پەیوەندیم بە کۆلێژی ڕاگەیاندنەوە کرد، هیوا و ئومێدێکی زۆرم بۆ پەیدا بوو، هەمیشە پشت ئەستوور بووم بەو پەروەردەیەی کە لە ماڵەوە پێی بە خێو کرام و لەو پەروەردەیەوە فێر بووم کە نە ترسم و لە شتێکیش نزیك نەبمەوە کە بڕوام پێی نەبێت، هەروەها فێری ئەوە بووم کە نابێ لە سنووری خۆم دەربچم و پێویستە لە شتە دژ بە یەکەکان و درۆ و ناڕاستگۆیی خۆم بپارێزم، زۆر ڕقیشم لەو دووسیفەتەیە، بۆیە هیچ کاتێك هەستم بەو ترسە نەکردووە کە هەندێك لە کچان باسی لێوە دەکەن. سوپاس بۆ خوا ئەوەی دەمویست بەدیهات، ئەمەش بە هەوڵ و یارمەتیدانی مامۆستایانی زانکۆ بووە، کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیرییان کردم و هانیان دام بۆ بەردەوامبوون.

*** لەو شوێنانەی کارت تێیدا کردوون، چ جیاوازییەکت بەدی کردووە؟**

- لە هەر کەناڵێکدا کارم کردبێت، شتێکی نوێی پێ بەخشیوم و بۆ من تاقیکردنەوەیەکی نوێ بووە، بەڵام سەرەتا من لە تەلەفزیۆنی کوەیت دەرکەوتم، کە دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو و بووە هۆی دەرکەوتن و ناسینی من لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، ئەمەش وایکرد کە زۆر کەناڵی دیکەش پشتم پێ ببەستن، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە من تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەرکەوتووم هەبوو لە کەناڵی (ڕای) ئەویش بریتی بوو لە پێشکەشکردنی «فەوازیر» لە وڵاتانی کەنداو.

*** بۆ سەرکەوتن لە پیشەکەیاندا پێویستە چ مەرجێك لە کچانی ڕاگەیاندنکاردا هەبێت؟**

- پێویستە ڕاگەیاندنکاری سەرکەوتوو خاوەن زانست و ڕۆشنبیرییەکی زۆر بێت، هەروەها پێویستە لە ئاخاوتندا خێرا و خاوەن زمانێکی پاراو بێت، تا بتوانێت کاریگەری لەسەر بینەر دابنێت و بزانێت چۆن خۆی لەگەڵ بینەر و بارودۆخە جیاجیاکاندا دەگونجێنێت، بە بێ ئەوەی شپرزە ببێت، بە پێچەوانەوە بینەر ئامادەی بینینی بەرنامەکەی نابێت.

*** لەو بەرنامانەی پێشکەشت کردوون هۆکارەکانی سەرکەوتنت چی بووە؟**

- بینەران منیان زۆر خۆش ویستووە، چونکە من زۆر ڕاستگۆ بووم و بە درێژایی کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکان خۆمم خستووەتە نێو دڵی جەماوەر، بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام ئاستی ڕۆشنبیریی ڕاگەیاندن و توانای خۆمم پێش خستووە.

*** ئایا لە بواری مۆدێل و نواندنیشدا کچانی ڕاگەیاندنکار دەتوانن سەرکەوتوو بن؟**

- هەرچەندە لە لایەن بەرهەمهێنەرانی سینەمایی میسری و کەنداوەوە زۆر کاری نواندنم پێشکەش کراوە، بەڵام من تا ئێستا خۆمم لە کاری نواندندا نەدۆزیوەتەوە، ئەو پێشنیارانەش ڕەت دەکەمەوە تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی باشم بۆ دەڕخسێت، لەئێستاشدا ناتوانم قسە لەسەر ئەنجامی کارێك بکەم کە نەکرابێت، هەرچەندە ئەگەر لە هەردوو بوارەکەشدا کار بکەم لەوانەیە زیاتر سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

*** ئەو گەشبینییەی لە ناختدا هەستی پێ دەکرێت، هۆکارەکەی بۆ چ شتێك دەگەڕێتەوە؟**

- زۆر ڕقم لە خەمۆکییە و ڕقم لەو کەسانەشە کە دەبنە مایە بڵاوبوونەوەی خەمۆکی، حەزدەکەم لە هەر شوێنێك بووم، خۆشی تێدا بڵاوبکەمەوە، من خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکم لە ناخی خۆمدا هەڵگرتووە و مرۆڤێکی هێمن و لە سەرخۆم، بە خراپەش وەڵامی خراپە نادەمەوە، زۆر ڕێز لە جەماوەری خۆم دەگرم و حەزدەکەم بە جوانترین شێوە لە بەرامبەریاندا دەر بکەوم.

*** گەر پێناسەیەکی خۆت بکەیت چی دەڵێیت؟**

- من تێکەڵێکم لە ناز و شێتی و رووح سووکی و خۆشەویستی و ئاشتی.